مەسرور بارزانی:ئەرکی خەمان هەمووی جێبەجێکردووە و چاوەڕێین بەغدا مووچەی مانگی چوار و پێنج دەوانێ بکات



مەسرور بارزانی سەرکۆماری هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ئەرکی خەمان هەمووی جێبەجێکردووە و چاوەڕێین بەغدا مووچەی مانگی چوار و پێنج لەگەڵی زووتر رەوانە بکات.

سەرکۆماری مەسرور بارزانی لە لێدوانێکی تەڵەفزیۆنیدا رایگەیاند، ئەوەی لەسەر هەرێمی کوردستانە وەکو ئەرك هەمووی جێبەجێکردووە و چاوەڕێین بەغدا مووچەی مانگی چوار و پێنج لەگەڵی زووتر رەوانە بکات.

باسی لەوەشکرد، هەرچی داواکاری حکوومەتی فیدراڵ هەبووە، بۆ ئەوەی کێشە بۆ ناردنی مووچەی خەڵکی کوردستان دروست نەبێت، جێبەجێمان کردووە.

گوتیشی: "ئەوەی دیکە لەسەر حکوومەتی فیدراڵ دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بڕی ناردنی مووچە دوا دەخات، ئەو کات خەڵك پرسیار ئاراستەی حکوومەتی فیدراڵ بکات".

ئاشکراشیکرد، مەسەلەی تەوتین بە بانکیکردنی پێدانی مووچەی هاووڵاتیانە، ئەمە ماوەیەکی زۆرە ئەم هەواڵەمان داوە و پرسەکەمان دەستپێکردووە، نزیکەی 400 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان ناونووسکراون، تاکو بە ڕێگەی بانکی مووچەی خێیان وەربگرن.

ڕوونیشیکردەوە، دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بدەم، ئەوەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، دروستکردنی توانایی ئابووریییە بۆ هاووڵاتییانە، هەر کەسێك دژی قسەبکات، دژی ئەوەیە کە هاووڵاتییان خاوەنی ئەکاونت و بیاری ئابووری خێیان بن.

جەختیشیکردەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو کارێکی کردووە، کە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان پارێزراو بێت، هەموو ئەرکەکانیشی لەبەرامبەر بەغدا جێبەجێکردووە، ئەوەی دەمێنێتەوە حکوومەتی فیدراڵە کە چۆن مامەڵە دەکات، بیێە وەك حکوومەت ئەرکی خۆمان جێبەجێکردووە، ئەرکی حزبە سیاسییەکانیشە بەرژەوەندی خێیان بەڵاوە بنێن و هەموویان پشتیوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بیار بدرێت